# چاکە و خراپە چییە

سپینۆزا

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود



بۆ ئەوەی بزانین چاکە و خراپە چییە،بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێ دەکەین:

هەندێك شت لەناو تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئێمەدا بوونیان هەیە ، کە لە سروشتدا بوونیان نییە کەواتە ئەو شتانە داهێنراوی ئێمەن، بەمەبەستی تێگەیشتن لێیان. لەنێوان ئەو شتانەدا : ئێمە باس لەهەموو پەیوەندیەکان دەکەین کە سەرچاوەن بۆ شتی جیاواز ئێمە بەو شتانە دەڵێن (Entia Rationis – واتە : شتە عەقڵیەکان).
ئێستا پرسیارەکە بریتییە لەوەی : ئایا چاکە و خراپە پەیوەندیان بە (عەقڵ) ەوە هەیە یاخود بە(واقع) وە. لەو سۆنگەیەوەی چاکە و خراپە دەچنە خانەی پەیوەندیەکانەوە ، دەبێت پەیوەندیان بە شتە عەقڵیەکانەوە هەبێت ، چونکە نازانین چاکە چییە بەبێ ئاماژەکردن بەشتێك (سەرچاوەیەك) کە چاك نییە. کەواتە ئێمە ئەڵێین ئەو پیاوە خراپە بە بەراود بەپیاوێك کە باشە ، یان ئەو سێوە خراپە بە بەراورد لەگەڵ سێوێکی تردا کە خراپە.

هەموو ئەو تێگەشتنانەی سەرەوە ناتوانرێت بوترێن ئەگەر شتی باش بە بەراورد لەگەڵ شتی خراپ بوونیان نەبێت. کەواتە کاتێك ئێمە ئەڵێین ئەو شتە باشە، ئەوا ئێمە تەنها دڵنیایی دەدەینە ئەو تێگەیشتنەی خۆمان کە لەبارەی ئەو شتەوە هەمانە. هەروەك پێشتر وتمان شتەکان پێویستە لەگەڵ مانا تایبەتیەکەی بەرابەرەکەیاندا بڕۆن لەپێناو دروستکردنی ناوەڕۆکێکی تەواودا.

ئێستا دوای ئەو شیکردنەوە کورتە چەمکی (چاك) ەو (خراپ) ە مان بۆ ڕوون بۆوە، بەڵام بۆ زیاتر ئاشنابوون ئەم چەند سەلماندنانەی خوارەوەش ئاماژە پێ دەکەم:
*هەموو دروستکراوێك لە سروشتدا یان (شت Thing) ە یان جوڵە (Action) ە ، بەڵام چاکە و خراپە نەشتە ، نەجوڵەیە. کەواتە چاکە و خراپە لەحەقیقەتدا بوونی نییە.
*ئەگەر چاکە و خراپە (شت یان جوڵ) ە بن ، پێویستە پێناسەیەکیان هەبێت. بۆ نمونە (باشی پیتەر ، یان خراپی مایکڵ) ناتوانرێت پێناسە بکرێن وەك بەشێك لەناوەرۆکی کەسایەتی (پیتەر و مایکڵ) ، واتە بەبێ گەڕانەوە بۆ (پیتەر و مایکڵ) لەو (چاکە و خراپە) ییان ناگەین بەمەش چاکە و خراپە نە (شت) ن ، نە (جوڵە) ن لە سروشتدا لەم سۆنگەیەشەوە بوونیان نییە.


سپینۆزا و داروین